کابرایە بکەن، چەند بیٚ ریٚزو حورمەتە(قسەی زۆر خەتەرناکتریشیان کرد)، قسەی ناشرینم پیٚ دەکات!

ئەمە نموونەیەکە لە سەر کوشتنی٦٠مرۆڤ بە دەستی ئیسلامییەکانەوەو وتارەکەم لە دژیاندا!

سورەتی مانگا

هیٚشتا سەرەتای"دابەزینی"ئایەتەکانە، قورئان وەك کتیٚب لە ئارادا نەبوە، کەچی دەستبەجیٚ "خودا"بە ناو خۆیی"دەهەندەو دلۆڤانەوە" لە سورەتی مانگادا دەلیٚ: *(ئەلیف لام میم. ئەم کتیٚبە هیچ گومانی تیٚدا نیە بۆ ئەوانەی پاریٚزگارن نیشاندەرە. ئەو کەسانەی بڕوایان بە نەدیارە و نویٚژدەکەن و لەو بژیوەش کە پیٚمان داون، دەبەخشن.)*[٨٨]

ئەلیف لام میم، واتە من خودام کە لە هەمووان زاناترم! گەرچی"خودا"پیٚشتر"سیٚ ئاینی خولقاندووە"، بەلاٚم لیٚرە دەسبەجیٚ پرسیاری گومانکردن چارەسەر دەکات! چ پیٚویست دەکا بە شیٚوەیەکی رەها، خۆی لە بارەی یەکەم سورەتی خۆی بلیٚ(هیچ گومانی تیٚدا نیە)؟ ئەنجا ئەو کەسانە دیاریدەکات کە بڕوایان پیٚ هەیە: کەسیٚك بڕوای بە غەیب هەیە و نویٚژی بۆ دەکات! بە وشەیەکی تر، کەسیٚك کویٚرانە بە بیٚ

---

[88]/ الم. ذلك الكتاب لاريب فيه، هدى للمتقين. الذين يؤمنون بالغيب و يقيمون الصلوة و مما رزقناهم ينفقون.

پەردەیەکیشی بەسەر دادەنیٚ و ئەوجا هەڕەشەی ئازاری بەژانیان لیٚ دەکا!!..."خودا" دەست لە شەڕە جویٚنی بازاڕیش ناپاریٚزی، گاڵتە بە ییٚ بڕواکان دەکاو هەولٚ و هیوای سەرگەردانییان بۆ دەخوازیٚ بە مەرجیٚك هیٚشتا هیچ نەبووە، تەنها یەك ئایەتی"دابەزاندووە". ئەم بۆچوونە لە ئایەتەکانی١٣،١٢،١١، و١٥دەردەکەویٚ: ( *ئەگەر کەسیٚ پیٚیان بیٚژیٚ: ئیٚوەش سایری ئەم خەڵکە بڕوا بیٚنن، ئیٚژن: جا چۆن ئیٚمە وەك ئەو نەفامانە بڕوابیٚنین؟ با بزانن، کە خۆیان نەفامەکانن، بەلاٚم بەخۆیان نازانن....خودا گاڵتە بەوان دەکا و بەریان بۆ بەرهەڵدا دەکا، تا لە ئەو سەرکیٚشیەدا سەرگەردان بن.*). موحەمەد چونکە لە ناوەندو پەیوەندییەکی بازرگانی گەورە بووە، بۆیە دەسبەجیٚ ووشەی بازرگان لە ئایاتە یەکەمەکان رەنگ دەداتەوە. ئەمەش لە ئایەتی١٦بەدیدەکریٚت: *(ئەوانە راستەڕیٚیان دا بە گومڕایی و لە بازرگانییدا(سەوداداا)تیٚ شکاون و ریٚگەی راستیان بەدی نەکرد.)* هیٚشتا یەکەم ئایەت"دابەزیوە"، واتە هیٚشتا ئاینی ئیسلام دەرنەکەوتووە، هیچ ئایەتیٚك لە بەردەستدا نییە، کەچی باسی کافران دەکریٚ!

هەندیٚ هەن داوای ئەوە دەکەن، قورئان بە پیٚی قۆناغی سەردەمی خۆی هەڵبسەنگیٚندریٚت. ئەمە هەولٚیٚکە بۆ راکردن لەو راستییە کە مرۆڤی ئەمرۆ، تیزی دیٚ بە بۆچوونی ناوەڕۆکی ئایەتی١٧: *(ئەمانە بە مەرەدی کەسانیٚ چون کە خەریکی پیٚ کردنی ئاگریٚك بوون، هەر کە رۆشنایی ئاگر دەوروبەری رۆشن کردن، خودا رووناکیەکەی بردن و لە تاریکیٚکی وادا ویٚلٚی کردن، هیچ ئاشتەبایان نەدەدیت.)*

ئاووهەواكە زۆر بۆ دیتن ترسناك بوو،

چوومە ناو پاپۆڕەكە و دەرگاكەم بە سەر خۆم داخست،

...

شەش رۆژ و شەش شەو،

با هەڵدەهات، زریان و رەهێڵی باران زەمینی گرتبووەوە.

لە گەل هاتنی رۆژی حەوتەمدا. زریان و تەوەفان،

سووكبوونەوە كە پێشتر دەتگۆ لەشگری جەنگاوەرن،

دەریا هێمن بووەوە، زریانیش ساكن بوو. تەوەفانیش راوەستا.

دەرگای پەنجەرەكەم كردەوە. رۆشنایی بەر رووخسارم كەوت،

روانیمە دەریا. بێ دەنگی باڵادەست بوو

مرۆڤەكان بیوونەوە بۆ قوڕ

...

دانیشتم و دەستم بە گریان كرد،

فرمێسكەكان بەسەر رووخسارم دابەزین

پاشان هەستام و بە چوار دەورمدا رووانیم

و بۆ سنووری دەریا دەگەڕام.)

تەورات و لە پاشاندا قورئان بەهەمان شێوە باس لە تەوەفان دەكەن لە گەڵ جیاوازی ناو یا ژمارەی رۆژی تەوەفانەكە ! !

هەروا لە دەقی نیبور، كە كۆنترین دەقی سامییەكانەو بۆ سەردەمی بابلییە كۆنەكان دەگەڕێتەوە، لە بارەی تەوەفان نووسراوە:

(هەڵدەستم بە بەردانی ئاو...

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

له سورەتی مانگاشدا–ئایەتی٣٤– باسی ئەبلیس دەکریّ: ( فەرمانمان به فریشتان دا، کرنۆش لەبەر ئادەم بەرن. غیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد، ئەو که خۆی به زلتر زانی، سوژدەی نەبردو سپلە بوو.) ئەوەی زۆر سەیرتر بیّ لەو گیّرانەوە جیاوازە بۆ گفتوگۆکەی ئەبلیس و خودا ئەوەیە، وەك له هەموو سوورەتەکان هاتووە، سوژدەبردن تەنها بۆ خودایه نەك بۆ کەسیّکی تر! بۆچی ئەو جۆرە داواکارییه له ئەبلیس کراوە؟ شتیّکی ئاساییه که ئەبلیس ئەوەی زانیوە که نابیّ بۆ کەسیّکی تر سوژدە ببا. بەلاّم هەر ئەو زانییه بوە هۆی کەوتنی به بەر نەعلەتی"خودا"!!هەروا ئەبلیس بۆچی سوژە بۆ ئادەم ببات کاتیّ خۆی و هەموو فریشتەکان له ئایەتیّکی پیّشتر به خودا دەلّیّن: (گوتیان: تۆ کەسیّ وا دیّنی لەویّدا خراپەبکاو خویّن بریّژیّ، کەچی ئیّمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزی تۆ دەدەین؟).

٢/ له تەوراتدا(التکوین٢-٢، الاصحاح الثالث، صفحة٧)نه باسی ئەبلیس کراوە و نه چیرۆکی ئەبلیس و سوژدە بردن!وەك پیّشتریش باسم کردووە، له بری ئەبلیس، باسی مار دەکریّ!مار، ژنەکه"هەلّدەخەلّەتیّنیّ"، و خوا پیّی دەلّیّ: (چونکه ئەو کارەت کرد، تۆ له هەموو زیندەوەرەکان و هەموو درندەکانی زەمین نەفرەتلیّکراوتریانی. له سەر سکت هەولّدەدەی، هەموو رۆژەکانی ژیانت خۆلّ بخۆی. دوژمنایەتییەك له نیّوان تۆ و ژن دادەنیم، له نیّوان نەوەکەت و نەوەکەی. ئەو سەرت پان دەکاتەوە، تۆ شایەنی ئەو سزایەی...)

